# زیاره تی کتیبخانه پیرۆزه کەی پێشه وا قازی محەمەد

جەلال مەلکشا

24 مەر 84 هەفتەنامەی سیروان ژمارە 352– سنە– کوردستان

جەلال مەلەکشا: هەرگیز بڕوام نەدەکرد رۆژێ لە رۆژان، شەرەفی زیارەتی کتێبخانە پیرۆزەکەی پێشە وا قازی محەمەد پەیدا بکەم. سەفەری مامۆستا مارف خەزنەدار، ئەدیب و نووسەری فەرزانەی کورد لە هە ولێری پایتەختەوە بۆ کوردستانی رۆژهەلاَت بوو بە هۆی ئەو شەرەفە مەزنە ... .

رۆژی 23/9/2005 دەگەلٌ مامۆستا مارف خەزنەدار و مامۆستا عوسمان دەشتی لە شاری سنەوە بەرە و شاری بۆکان وەرێکەوتین. بە درێژایی رێگا مامۆستا مارف خەزنەدار لە بیرەوەرییەکانی خۆی قسەی بۆمان دەکرد. بیرەوەری سالانی خوێندن لە یەکێتی سۆڤییەت و پێوەندی و هەلس و کەوت دەگەلٌ کەلە پیاوانی سیاسەت و ئەدەب و زانست و هەروەها لە مەڕ شۆڕش، بارزانی نەمر، ... شاعیر و نووسەرانی کورد و پێشەنگانی ئەدەبی کوردی و ژیانی خۆی لە بە غدا و الجەزایر و ... نەمانزانی رێگەی درێژی نێوان سنە و سەقز و بۆکان چۆن تەواو بوو ... لە بۆکان کاک شیروان یاری رۆژنامەوان بوو بە خانە خۆیی مامۆستایان و منیش هەرچند ماڵ و مندالم لە ورمێ یەوە هاتبوون بۆ بۆکان و ناچار بووم لە لایان بم، بە لاَم هەر لە خزمەتی برادەران دا بووم ... شەو، زۆرێ لە شاعیران و نووسەرانی بۆکان بە سەریان کردینەوە. دەعوەتی مالٌی کاک ناسری وەحیدی بووین و یارانی خاوەن قەلەم کۆبوونەوە و مامۆستا مارف کە بەراستی خەزنەی دنیایەک بیرەوەرییە، لە هەر بابەتێکەوە قسەی دەکرد و ولاَمی پرسیارەکانی دەدایەوە. دوو بەتڵی شە و داشکابوو ... مامۆستایان گەڕانەوە مالٌی کاک شیروان و منیش

بۆ لای ماڵ و مندالاَنم ... .



بە یانی ئەو شەوە، بە ویست و خوازی مامۆستایان رووومان لە نالە شکێنە کرد و بووینە میوانی حەسەن زیرە ک. نالە شکێنە گۆڕاوە. تا چەند سالی پێش لە ئێستا نالە شکێنە، تەپۆلکەیەکی رەقەن و بەردە لانی دوور لە شار بوو ... تا چەند سالێ پێش لە ئێستا، حەسەن زیرەک، لە نێو گلگۆیەکی هەژارانە دا، غەریبانە، بۆ میراوای دەروانی، بەلاَم ئێستا، نالەشکێنە لە نێوەراستی شاردایە و سیمای گۆراوە و جامەی رەنگینی لە بەر کردووە. گۆڕەکەی زیرەکیش رازاوەتەوە، دەوراندەوری مەعجەر کێشراوە و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە، نۆتی گۆرانیی نالە شکێنە، لە سەر نەردەی مەعجەرەکەدا نووسراوە، گلکۆکەش بەرە سمێکی زیرەک و و بەیتێ شیعری جوان رازاوەتەوە، ... مامۆستا مارف خەزنەدار،هێندێ بیرەوەری دەربارەی حەسەن زیرەک گێڕاوە کە لە بەغدا پێکەوە چیان کردووە و چۆنیان رابواردووە ... لەم کەین و بەینەدا بووین کە شارەداری لاوی بۆکان بۆ سەردانی پرۆژەکەی هات بۆ

وێندەرێ و پێکەوە ئاشنا بووین و چەند رەسمێکی یادگاریمان پێکەوە کێشا. جەنابی شاردار، بە راستی دڵسۆزانە خەریکی رازاندنەوە و ئاوەدان کردنەوەی شاری بۆکانە. دەیگوت، لە سەر پرۆژەیەکی تازە کاردەکەن و دەیەوێ کێوی لای رۆژئاوای بۆکان بە شێوەی ئاویەری سنە بکات بە سەیرانگایەکی رازاوەی گشتی کە بتوانێ سەرنجی خەڵکی شارانی دیکە و گەردشگە ران راکێشێ ...
2– ئێرەش ئاوایی حەمامیانە، زێدی بنەماڵەی ئیلخانیزادە و موهتەدییەکان کە لە بەرە بابێکن. گڵکۆی سوارەی ئیلخانی زادە شاعیری نوێخوازی کورد لێرەیە. گۆرستانی بنەماڵەی ئیلخانی لە سەر تەپۆڵکەیەکە و دەوری حەسار کێشراوە و مجێوری هەیە. کاک سوارە، بە جەوانی سەرە پڕ لە خەونەکەی نایەوە و هەزاران ئاوات و ئارەزووی بردە ژێر خاک. من لە گەڵ سوارە ئاشنا بووم. ئەو کاتەی لە تاران بوو، بەرنامەی پڕ ناوەرۆک و بە بایەخی »تاپۆ و بوومە لێلی« ی پێشکەش دەکرد. سوارە، لە و بەرنامەدا، شیعری نۆی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵات دەست پێکرد و بە نووسینی ئەو کوردییە پەتی و تایبەتی بە خۆیە زۆر کەسی دەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ئاشنا کرد ... ئەو کاتەی من بە داخەوە زۆر بە تەنگی ئەدەبیاتی کوردییەوە نە بووم و لە گۆڤار و بڵاڤۆکە فارسییەکاندا شیعر و چیروکم بڵاو دەکردەوە، کاکە سوار هانی دەدام روو لە ئەدەبیاتی کوردی بکەم. هەرگیز قسەیەکی کاک سوارە لە بیرناکەم: گوتی: – ئەگەر سەد ساڵیش لە بواری شیعر و ئەدەبی فارسیدا هەوڵ بدەی و تیکۆشی. قەت نابی بە شاملوویان ئەخەوان ... چونکە فارسی زمانی زگماکت نییە. بەڵام لە کوردیدا، زوو سەردەکەوی و ناوبانگت دەر دەکەوی و ...
3– دوای زیارەتی گڵکۆی سوارە، هاتینەوە ناو شاری بۆکان، و بەرە و گوندی سەراو، سواری ماشێن بووین ولەو سەفەرەدا، قەرار بوو، ببین بە میوانی ماڵی منیرە خانم، کچی پێشەوا قازی مەحەمەدێ، لە گوندی سەراو ... شەوی پێشتر کاک سەردار، کوڕی منیرە خانم، بە تەلیفون دەعوەتەکەی دووپاتە کردەوە و بە تایبە ت حەزیان دەکرد منیش دەگەڵ ئەو خۆشەویستانە دا بڕۆم. هەر چەند دەمویست بەرە و ورمێ بڕۆم، بەڵام شەوقی دیداری ئەو بنەماڵە بەرێزە و بە تایبەت یادگار و کتێب خانە پیرۆزەکەی پێشەوای نەمر، دەربەستی کردم. حەزم دەکرد بزانم پێشەوا قازی، چلۆن کتێب هایەکی موتاڵا کردووە، دیارە جۆر و نەوعی کتێبەکان، بیر و بۆ چوون و رادەی فیکر و ئەندێشەی سەرۆک کۆماری جوانە مەرگی کوردی بۆمان روون دەکردەوە. دەمهەویست بزانم، کتێبەکان چۆن دەپارێزن و کتێبخانە کە چۆنا و چۆن تەبەقەبەندی کراوە و ...هاوسەفەرانیش، هەر یەکە و لە خەیاڵی خۆیدا نوقم بوون، رەنگە ئەوانیش بۆ دیتنی، گۆشەیەک لە ژیانی پێشەوا پەلەیان بوو. مامۆستا مارف خەزنە دار، بیرەوەرییەکانی خۆی دەگەڵ رەحیم قازی کە لە باکۆ دەژیا، گێڕاوە و ماڵی خانە خۆکە شمان لە گوندی سەراو ماڵی فەتاح خان کوری حەمەحسێن خانی سەدری قازی بوو ... کە دەبوو بە مێردی منیرە خانمی کچی پێشەوا ... و دیارە منیرە خانم، وەک میرات گری پێشەوا، ئەرکی، پاراستنی کتیب خانە کەی وەئە ستۆ بوو ... لە ئاوایی ئەرمەنی بڵاغی داوەتێکی خۆش بوو، رەش بەڵەک، ژن و پیاو، زەرد و سوور ... تەقەی دەوڵ و زۆڕنا و قریوەی ... گەنجی بە عەزرەت و دەست لە نێو دەستی دۆ ... ئەو ناوەی پڕ لە شادی و هەرا کردبوو ... شاعیری بە هەستی کورد، سەعیدی نەجاڕی لەوێ بوو ... بە دیداری یەک شاد بووینەوە و هەر چەند زۆریان خولک کردین لە شاییەکەدا بەشداری بکەین بەڵام، بە پەلە بووین و بۆڵای نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوایی سەراو ... .
4– فەتاح خان و منیرە خانم و کاک سەردار و کاک سەلاحەدینی خەدیو پێشوازیمان لێدەکەن ... دیوەخانە گەورەکە، گڵۆڵەی خەیاڵم بەرە و بیرەوەرییەکانی ساڵانی زوو گلۆر دەکاتەوە ... ئەو ساڵانەی کە هێشتا ژیان و ژیوار هێندە تەنگی بە ئینسان هەڵنەچنی بوو و سەرەرای کەمایەسی و هەژاری و نەداری، دڵ خۆێشیش هەبوو، دیوەخانان زڵەیان دەهات و هەموو شەوێ جمکوت بوون و ریز بە ریز خەڵک دادەنیشتن، و بە قسەی خۆش و نوکتە و گەڕەلاوژە شەویان تێپەر دەکرد ... ئێستا زۆر بە دەگمەن خەڵکی لە دیوەخانان خڕدەبنەوە. دیوەخان نەماون. خەڵکی دڵ و دەماخی جارانیان نەماوە

وخاوەن دیوەخانی واش نەماوە ... یەک دوو ساعەتێ، بە قسەی لابە لاو بیرەوەری و نوکتە و قسەی خۆشمان رابوارد و ئەمجار باسی کتێب خانەکەی پێشەوامان هێنایە پێشێ ... فەتاح خان و کاک سەرداری کوڕی ... کۆڵێ زووخاویان هەڵیناوە ... لە دەستی دوژمنانی فەرهەنگ و جەردە و دژە وشە و کتێب خۆر ووشە کوژ ... دەیانگێرایەوە کە چۆن چەندین جار پەلاماری تاڵانی کتێبخانەکەیان داوە و هەر جارە بە هەزار پەلە پروزی و ناری عەلی لە دەستیان رزگار کراوە ... دەیانگێڕاوە کە زور کتێبیان لە هەڕەشە و گەلەکۆمەڵە و تاڵاندا، پەرپووت بوون و دڕاون و لە بەین چوون و گوم بوون ... و ئەوەش کە ماوە زۆریان لە حاڵی لە نێو چوون دان وخەریکن دە پرووتکێن ... جێگای داخ و کە سەر بوو ... چیمان لە دەست دەهات ... سەر ئەنجام دەرکەی کتێبخانەکەیان بە رووماندا کردەوە. هەنسک بەربینگی لێ گرتبووم، فرمێسک لە ناو گلێنەی چاومدا قەتیس مابوو ... کتێبەکان پەخش و پەرا، لە سەریەک کەوتبوون، بی ژمارە و بێ تەبەقەبەندی ... هەریەکە و لە گۆشەیەک و غەریبانە ... هەر کتێبێک هەزار هەزار هاواری لە جەور و بێداد و ستەم لە دڵدا بوو ... کتێبەکان کەڵەکە کرابوون ... سەدان کتێبی پڕ بایەخی دەست نووس بە سەر یەکدا کەوتبوون و هێندێکیان شیرازە و پەراوێزیان لێک پچڕا بوو ... ئێتر نەمتوانی خۆم بگرم و فرمێسک بە چاومدا هات .... هەر یەکە لەم کتێبانە ئاشنای دەستە تامەزرۆیەکانی پێشەوا بوون. هەر یەکەو لەم کتێبانە لە ژێر تیشکی نیگای پیشە وادا رووناکیان دیوە ... هەموو ئەم کتێبانە بگرە دەیان جار دەست و چاوی پێشەوایان ماچ کردووە ... مامۆستا مارف خەزنەدار و مامۆستا عوسمان دەشتی بە سەر سوڕمان و ئیعجابەوە لە کتێبەکانیان دەڕوانی ... جێگای سەرنج لە وەدا بوو ... کە جۆرە ها جۆر عێنوان کتێب لەم کتێبخانەدا بوون و ئەوەی دەگەیاند کە پێشەوا قازی محەمەد لە باری ئەندێشە و فیکرەوە چەند کراوە بووە ... لە گۆشەیەکدا، هەر چوار ئینجلی پیرۆز (عە تیق، لۆقا، جەدید، و مەتی) دەبینران و زۆر رومان و کتیبی شیعر و فەلسەفە و ... کتیبی مێژوویی و زانستی ... بە داخەوە ئەم کتێبخانە دەوڵەمەندە کە دەبێ وەک یادگار و دیارییەکی پیرۆز و مێژوویی لە شوێنێکی تایبەتیدا بپارێزرێ ، لە حاڵی فەوتان و پترووکان ولە ناو چوون دایە. دیارە دوژمنانی کورد هەرگیز حەز بەوەها میرات ویادگارێک ناکەن و رەنگە هەر دەم لە فیکری لە ناو بردنیدا بن ... ئەر کی کێیە؟ ... ئاخۆ ئەو کەسانەی کە ئەو ئەرکەیان وە ئەستۆیە خۆیان بە بەر پرس بزانن وخەمی ئەم سامانە پیرۆزە بخۆن ... لای ئێوارە، ماڵئاواییمان کرد وگەڕاینە وە بۆ بۆکان، هەتا خۆمان بۆ درێژەدان بە سەفەرەکەمان ئامادە بکەین ... هەتا ئیستاش هەر کە دەکەومە بیری ئەو کتێبە غەریبانەی پێشەوا، کە خاوەنی خۆیان ون کردووە و غەریبانە، لە غوربەت و خەڵوەتی تەنیایی خۆیاندا دەپترووکێن کزە لە جەرگمەوە هەڵدەستێ ...

با دوا قسە لە مامۆستا مارف خەزنەدارەوەببیستین: »ئەو جێ یەی تەرمی پێشەوای لێ نێژراوە گۆلستانێکی ڕەنگینە، لە و دیوە وە بەشی ئەوە زەوی ماوە چە ند ژوورێکی وەکوو ماڵی خۆی لێ دروست بکرێ لە ڕووی بینا سازی یەوە و ئەو ماڵە بکرێ بە مۆزە و کتێبخانەکەی لێ بپارێزرێ. هەر وەها هەندێ کەلو و پەل وشتوومەکی تایبەتی پێشەواش لە پێشانگەی مۆزە کە بخرێنە ڕوو«.